# رؤية المؤرخ ابن الأثير تجاه الخلفاء الأمويين (٤١-١٣٢هـ / ٦٦١-٧٥٠م)

م. أسو نريمان سبحان
قسم التاريخ، كلية التربية، جامعة كرميان، كلار، كردستان، العراق.
aso.subhany@garmian.edu.krd

أ.د. کەیوان ئازاد ئەنوەر
قسم التاريخ، كلية العلوم الإنسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، العراق.
Kaiwan.anwer@univsul.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: ابن الاثير، الخليفة، الدولة، الأمويون، الرأي.

**كيفية اقتباس البحث**

سبحان , أسو نريمان , کەیوان ئازاد ئەنوەر , رؤية المؤرخ ابن الأثير تجاه الخلفاء الأمويين (٤١-١٣٢هـ / ٦٦١-٧٥٠م),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مسجلة في Registered
**ROAD**

مفهرسة في Indexed
**IASJ**

# The Historian Ibn al-Athir's Perspectives and Views on the Umayyad State and its Caliphs (41-132 AH / 661-750 AD)

**Aso Nariman Subhan**
**Department of History, College of Education, University of Garmian, .Kalar, Kurdistan, Iraq**
**aso.subhany@garmian.edu.krd**

**Dr. Kaiwan Azad Anwer**
**Department of History, College of Humanities, University of .Sulaimani, Sulaimani, Iraq**
**Kaiwan.anwer@univsul.edu.iq**

**Keywords** : Ibn al-Athir, Caliph, State, Umayyad, Perspective.

**How To Cite This Article**
Subhan , Aso Nariman , Kaiwan Azad Anwer , The Historian Ibn al-Athir's Perspectives and Views on the Umayyad State and its Caliphs (41-132 AH / 661-750 AD) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract

This study sheds light on the life, works, and perspectives of the renowned historian Ibn al-Athir (٦٣٠-٥٥٥ AH / ١٢٣٣-١١٦٠ AD) regarding the Umayyad State and its Caliphs. It is an attempt to analyze and present the historian's views on the political history of the Umayyad dynasty and its officials. The study demonstrates that Ibn al-Athir approached the Umayyad Caliphs with a critical spirit and in detail, emphasizing their personal and moral aspects while openly criticizing their policies and conduct.

A section of the research is dedicated to introducing the life of Izz al-Din Ibn al-Athir, his family's role in serving the Zangid state in Mosul,

and his academic journeys. It also outlines his most significant works, such as Al-Kamil fi al-Tarikh (The Complete History), Al-Tarikh al-Bahir (The Brilliant History), and Usd al-Ghabah (The Lions of the Forest), as well as his writing style, utilizing these texts as the primary sources for this research.

Another section is devoted to analyzing Ibn al-Athir's perception of the Umayyad Caliphs. The study reveals that he was not merely a narrator but a critical historian. He criticized Muawiyah for the controversial filiation of Ziyad ibn Abihi to his father, which was contrary to Sharia. He also condemned the reprehensible actions of Yazid ibn Muawiyah, such as the killing of Al-Hussein ibn Ali and the attacks on the cities of Medina and Mecca. He described Caliphs such as Abd al-Malik and Al-Walid as strong but somewhat tyrannical figures, although he did not deny their contributions to development, such as the renovation of mosques. Conversely, he spoke of Umar ibn Abd al-Aziz with the utmost respect, describing him as a paragon of benevolence and justice, particularly for halting the custom of reviling Ali ibn Abi Talib and his family. Regarding the later Umayyad rulers, such as Al-Walid ibn Yazid, he emphasized their immorality, consumption of alcohol, and desecration of sanctities.

Finally, the study concludes that Ibn al-Athir objectively and boldly recorded the religious and political errors of the Umayyads, which ultimately contributed to the loss of their legitimacy and the collapse of their rule.

ملخص:

تُسلِّط هذه الدراسة الضوء على سيرة المؤرخ الشهير (عز الدين ابن الأثير) (٥٥٥-٦٣٠هـ/ ١١٦٠-١٢٣٣م)، وآثاره العلمية، ورؤيته تجاه الخلفاء الأمويين. وتهدف الدراسة إلى تحليل واستعراض منهجية المؤرخ في تعاطيه مع التاريخ السياسي للدولة الأموية ورجالاتها، حيث تناول سير الخلفاء بمنزع نقدي ودقة متناهية، مركزاً على الجوانب الشخصية والأخلاقية، وموجهاً نقداً صريحاً لسياساتهم وسلوكياتهم.

وقد خُصص جانب من البحث للتعريف بحياة (ابن الأثير) ودور أسرته في خدمة الدولة الزنكية في الموصل، بالإضافة إلى رحلاته العلمية. كما يتطرق البحث إلى أهم مصنفاته، مثل (الكامل في التاريخ)، و(التاريخ الباهر)، و(أسد الغابة)، مبيناً منهجيته في التدوين، باعتبارها المصادر الأساسية لهذه الدراسة.

وفي محور آخر خُصِّص لتحليل موقف ابن الأثير من خلفاء بني أمية، تظهر الدراسة أنّه لم يكن مجرد راوٍ للأحداث، بل كان مؤرخاً ناقداً؛ إذ انتقد (معاوية) بسبب استلحاق نسب (زياد

بن أبيه) لمخالفته للشريعة. كما استهجن بشدّة أفعال (يزيد بن معاوية)، متمثلة في مقتل (الحسين بن علي) واستباحة الحرمين. ووصف خلفاء مثل (عبد الملك) و(الوليد) بالقوة والحزم المقترن بالاستبداد، رغم ذكره لمنجزاتهم العمرانية.

وفي المقابل، تحدث بمنتهى التوقير عن (عمر بن عبد العزيز)، واصفاً إياه بمفتاح الخير والعدل، لا سيّما لدوره في إلغاء سنة سب (علي بن أبي طالب) وآل بيته. وأمّا خلفاء أواخر العهد الأموي مثل (الوليد بن يزيد)، فقد ركّز المؤرخ على انحلالهم الأخلاقي واستهتارهم بالمقدسات. وتخلص الدراسة إلى أنّ ابن الأثير قد رصد بموضوعية وجرأة الأخطاء الشرعية والسياسية للأمويين، والتي أدت في النهاية إلى فقدان شرعيتهم وسقوط دولتهم.

## دید و تێڕوانینی مێژوونووس (ئیبنولئەسیر) بۆ خەلیفەکانی ئومەوی(٤١-١٣٢ک/٦٦١-٧٥٠ز)

١_ م. أسو نريمان سبحان، بەشی مێژوو، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار، کوردستان، عێراق.
ئیمەیڵ: aso.subhany@garmian.edu.krd
ژ: ٠٧٧١٩٤٧٤٤٦٤
٢_ پ.د. کەیوان ئازاد ئەنوەر، بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق.
ئیمەیڵ: Kaiwan.anwer@univsul.edu.iq
ژ: ٠٧٧٠١٤٢٠٣٨٣

پوختەی توێژینەوە:
ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ژیان و بەرهەم و دیدگای مێژوونووسی ناودار (ئیبنولئەسیر ٥٥٥-٦٣٠ک/١١٦٠-١٢٣٣ز) بەرامبەر بە خەلیفەکانی ئومەوی. ئامانجی توێژینەوەکە شیکردنەوە و خستنەڕووی میتۆدی مێژوونووسە لە مامەڵەکردن لەگەڵ مێژووی سیاسیی دەوڵەتی ئومەوی و پیاوەکانی، کە تێیدا بە دید (نەفەس)ێکی ڕەخنەگرانە و بە وردەکارییەکی زۆرەوە جەختی لەسەر لایەنی کەسێتی و ئەخلاقی خەلیفەکان کردووەتەوە، بە ڕاشکاوی ڕەخنەی لە سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانیان گرتووە.
بەشێکی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ ناساندنی ژیانی (عیزەدین ئیبنولئەسیر) و بەرهەم و گەشتە زانستییەکانی. هەروەها تیشک خراوەتە سەر گرنگترین بەرهەمەکانی وەک (الكامل في التاريخ)، (التاريخ الباهر) و (أسد الغابة) و میتۆدی نووسینیان وەک سەرچاوەی بنەڕەتیی ئەم توێژینەوەیە.
لە تەوەرێکی تردا، شیکردنەوە بۆ هەڵوێستی ئیبنولئەسیر بەرامبەر بە خەلیفەکانی بنەماڵەی ئومەیە کراوە؛ توێژینەوەکە دەریدەخات کە ناوبراو تەنها گێڕەرەوەی ڕووداوەکان نەبووە، بەڵکو مێژوونووسێکی ڕەخنەگر بووە. بۆ نموونە ڕەخنەی لە (موعاویە) گرتووە بەهۆی بەستنەوەی نەژادی (زیاد کوڕی ئەبی) بە باوکییەوە کە بەپێچەوانەی شەریعەت بووە. هەروەها بە توندی سەرکۆنەی کارەکانی (یەزیدی کوڕی موعاویە)ی کردووە، وەک کوشتنی (حسێنی کوڕی عەلی) و هێرشکردنە سەر مەککە و مەدینە. خەلیفەکانی وەک

**(عەبدولمەلیک) و (وەلید)ی بە کەسانی بەهێز بەڵام ستەمکار وەسف کردووە، وێڕای ئاماژەدان بە کارە ئاوەدانییەکانیان.**
**لە بەرامبەردا، بەوپەڕی ڕێزەوە باسی (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز)ی کردووە و بە کلیلی چاکە و دادپەروەری ناساندووە، بەتایبەت بۆ ڕۆڵی لە ڕاگرتنی نەریتی جنێودان بە (عەلی کوڕی ئەبوتالیب) و ماڵباتەکەی. سەبارەت بە خەلیفە کۆتاکانیش وەک (وەلیدی کوڕی یەزید)، جەختی لەسەر بەدڕەوشتی و سوکایەتیکردنیان بە پیرۆزییەکان کردووەتەوە. توێژینەوەکە بەوە کۆتایی دێت کە ئیبنولئەسیر بە بابەتیانە هەڵە شەرعی و سیاسییەکانی ئومەوییەکانی تۆمار کردووە، کە دواجار بووەتە هۆی لەدەستدانی شەرعییەت و ڕووخانی دەوڵەتەکەیان.**

**کلیلە وشەکان: ئیبنولئەسیر، خەلیفە، دەوڵەت، ئومەوی، تێڕوانین.**

## پێشەکی

دەوڵەتی ئومەوی (٤١-١٣٢ک/ ٦٦١-٧٥٠ز) وەک یەکەمین دەسەڵاتی موسڵمانان سیستەمی حوکمڕانی خەلافەتی لە ڕاوێژەوە بۆ دەسەڵاتی پشتاوپشت و بنەماڵەیی گۆڕی، بۆیە ئەم دەسەڵاتە هەمیشە جێگەی مشتومڕ و لێکۆڵینەوەی مێژوونووسان بووە، بەمەش تێڕوانین بۆ ئەم قۆناغەی دەسەڵات لە نێوان لایەنگری و دژایەتیکردندا جیاوازیی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. لەم نێوەندەدا، مێژوونووسی ناودار (ئیبنولئەسیر - ٥٥٥-٦٣٠ک) بە یەکێک لە پایە گرنگەکانی نووسینەوەی مێژووی ئیسلامی دادەنرێت، لە ڕێگەی کتێبە بەناوبانگەکانییەوە، بەتایبەت (الكامل في التاريخ)، دیدگا و شیکردنەوەی وردی بۆ ڕووداوەکان خستووەتە ڕوو و تێڕوانینی خۆی بۆ خەلیفەکانی ئومەوی هەبووە.

### گرنگیی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە تەنها گێڕانەوەی ڕووداوەکانی مێژوو نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە دیدی مێژوونوسێک چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەقە مێژووییەکان و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەدا کردووە، بەتایبەت ئەو لە هەندێک وێستگەدا ڕەخنەی لە سەرچاوە پێشینەکانی وەک (تەبەری) گرتووە و هەوڵی داوە بێلایەنانە یان بە دیدێکی ڕەخنەییەوە سەیری ڕووداوەکان بکات.

### کێشە توێژینەوە:

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە: ئایا (ئیبنولئەسیر) چۆن هەڵسەنگاندنی بۆ خەلیفەکانی ئەمەوی کردووە؟ ئایا لە گێڕانەوەکانیدا لایەنگریی تێدا بووە یان بابەتیانە مامەڵەی کردووە؟ ئایا لە گێڕانەوەکانیدا تەنها گوازەرەوەی هەواڵ لە سەرچاوەکانی پێش خۆی بووە، یان خاوەنی دیدگای ڕەخنەیی و سەربەخۆی خۆی بووە؟

### ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخستنی بۆچوونەکانی ئەم مێژوونووسە سەبارەت بە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی ئومەوی، بەتایبەت هەڵوێستی بەرامبەر بەو ڕووداوە هەستیارانەی وەک بەستنەوەی ڕەچەڵەکی (زیاد ئیبن ئەبی) بە ڕەچەڵەکی (ئەبوسوفیان) و کوژرانی (حسێنی کوڕی عەلی) و هێرشکردنە سەر (مەککە و مەدینە) و هەڵسوکەوتی تایبەتی خەلیفەکان.

### میتۆدی توێژینەوە:


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥
Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەو لە (میتۆدی مێژوویی و شیکاری) کراوە. سەرەتا زانیاری و دەقە مێژووییەکان لە کتێبەکانی ئیبنولئەسیر دەرهێنراون (میتۆدی وەسفی)، پاشان شیکردنەوە و بەراوردکارییان بۆ کراوە، بۆ گەیشتن بە ئەنجامی دروست (میتۆدی شیکاری)، بەتایبەت لەو شوێنانەی مێژوونووس بۆچوونی خۆی بە ئاشکرا یان بە ئاماژە خستووەتە ڕوو.

**پلانی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا:

**بەشی یەکەم :**تەرخانکراوە بۆ ناساندنی ژیان و بەرهەمەکانی (ئیبنولئەسیر)، تێیدا تیشک خراوەتە سەر ژینگەی پەروەردەبوونی و پەیوەندی بنەماڵەکەیان لەگەڵ دەوڵەتی ئەتابەگی زەنگی، هەروەها خستنەڕووی گرنگترین کتێبەکانی و تایبەتمەندییەکانیان.

**بەشی دووەم :**تایبەتە بە تێڕوانینی (ئیبنولئەسیر) بۆ دەوڵەتی ئومەوی و خەلیفەکانی. ئەم بەشە بە وردی هەڵوێستی مێژوونووس بەرامبەر بە دامەزرێنەری دەوڵەت (موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان) و خەلیفەکانی دواتر تاوەکو کۆتایی دەوڵەتەکە کە (مەروانی کوڕی محەمەد) بووە، خستۆتە ڕوو.

**سەرچاوە گرنگەکانی توێژینەوەکە:**

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشت بە چەندین سەرچاوەی بنەڕەتی بەستراوە، لە سەرووی هەموویانەوە کتێبەکانی خودی (ئیبنولئەسیر) وەک: (الكامل في التاريخ) و (أسد الغابة في معرفة الصحابة). هەروەها سود لە سەرچاوە مێژووییەکانی تری وەک (تاريخ الطبري) تەبەری، (وفيات الأعيان)ی ئیبن خەلەکان، (معجم البلدان)ی یاقوتی حەمەوی، وێڕای چەندین سەرچاوە و توێژینەوەی نوێ وەرگیراوە.

لە کۆتاییدا، ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە وێنەیەکی بابەتییانە لەسەر دیدی ئەم مێژوونووسە پێشکەش بکات، دوور لەو دەمارگیرییەی هەندێک جار مێژووی ئەم قۆناغەی پێ شێوێنراوە.

**بەشی یەکەم: کورتەیەک لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی (ئیبنولئەسیر)**

ئیبنولئەسیر مێژوونووس، گێڕەوە، ڕەچەڵەکناس و نووسەر لە ساڵی(٥٥٥ک/١١٦٠ز) لە (جەزیرەی ئیبن عومەر) لە دایک بووە (تقى الدين،١٩٨٧، ج٢، ص١٠٢؛ ابن العماد الحنبلى، ١٩٩١،ج٦، ص٢٤١) ناوی تەواوی (عیزەدین ئەبولحەسەن عەلی کوڕی ئەبی کەرەم موحەمەد کوڕی موحەمەد کوڕی عەبدولکەریم کوڕی عەبدولواحید)ە، بە (عیزەدین کوڕی ئینولئەسیر ئەلجزری) ناسراو ( ابن الفوطى، ١٩٦٢،ج٤، ص٢٦٠_٢٦١).

بە گەڕانەوەمان بۆ بەرهەمەکانی ئەم مێژوونووسە دەگەینە ئەوەی، یەکەمین تۆماری ئەو هەواڵە کە خودی (ئیبنولئەسیر) باسی بنەماڵەکەیانی کردبێت باسی پەیوەندی نێوان (عیمادەدین زەنگی) و باوکی کردووە، ئەوەیە؛ کاتێک باوکی لە ساڵی (٥٤١ک/١١٤٦ز) دا بە پێ ڕۆیشتووە بۆ قەڵای جەعبەر [(١)]، لەوکاتەدا عیمادەدین گەمارۆی ئەو قەڵایەی داوە، کاتێک عیمادەدین بە هاتنی باوکی (ئیبنولئەسیر)ی زانیووە، یەکێک لە خزمەتکارەکانی بۆ لای ناردووە، پرسیاری گەمارۆدانی قەڵای ((فێنک[(٢)])ی لێکردووە، لە هەواڵێکی تردا باسی لەوەکردووە باوکی لە ساڵی (٥٦٥ک/١١٧٠ز)، بەرپرسی فەرمانگە و خەزێنەی شاری (جەزیرەی ئیبن عومەر) بووە (ابن الأثير، ب.س، الباهر، ص٧_٨).

دوای چەند ساڵێک ژیان لە زێدی خۆیان بنەماڵەکەی لە ساڵی (٥٧٥ک/١١٧٩ز) دا ڕوویان کردۆتە موسڵ، لێرەوە مێژووی بنەماڵەی (ئیبنو لئەسیر) زیاتر گرێدراوی بنەماڵەی زەنگی

دەبێت، پەیوەندی بنەماڵەکەی لەگەڵ فەرمانڕەواکانی دەوڵەتی ئەتابەگی زەنگی لە موسڵ بەهێز و توندوتۆڵ دەبێت(العبايجي، ٢٠١٤، ص٣)، لە (موسڵ) هاوشانی کاری سیاسی لەبواری بازرگانیدا کاریان کردووە و دەوڵەمەند بوون و خاوەن زەویوزاری زۆربوون(أبو هدهود، ٢٠٠٩، ص٥_٦؛ اليازجي، ٢٠٠٨، ص٣٢).

(ئیبنولئەسیر) دوو برای هەبووە، گەورەکەیان بەناوی (ئەبوسەعادات موبارەک)، نازناوی مەجدەدین بووە، خاوەنی کتێبی (جامع الأصول) و چەند کتێبێکی ترە (ابن كثير، ٢٠٠٢، طبقات، ج٢، ص714-715. )، برا بچوکەکەشی ناوی (ئەبوفەتح نەصروڵا)، نازنازی زیائەدین بووە، خاوەنی کتێبی ((المثل السائر) و چەند کتێبێکی ترە (الذهبي، ب.س، تذكرة الحافظ، ص١٣٩٩)، ئەم برایەیان زیاتر حەزی بە ئەدەب و لەبەرکردنی شعری شاعیران بووە، لەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵی سیاسەت بووە، وەک نووسەر لەگەڵ بنەماڵەی (سەلاحەدینی ئەیوبی) لە (شام) کاری کردووە ( اليازجي، ٢٠٠٨، ص٣١) و دواتر بووە بە وەزیری (مەلیک ئەفزەڵی کوڕی سەلاحەدینی ئەیوبی) (آبو هدهود، ٢٠٠٩، ص٦).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت بنەماڵەی (ئیبنولئەسیر) بنەماڵەیەکی دیاربوون و پەیوەستی زانستەکانی وەک (فەرمووده و مێژوو و ئەدەب و زمان) بوون (اليازجي، ٢٠٠٨،ص٣١)، لە هەمان کاتدا تێکەڵی سیاسەت بوون و لەگەڵ بنەماڵەی زەنگییەکان نزیک بوون، لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا هاوکار و یارمەتیدەری ئەو بنەماڵەیە بوون[٣].

(ئیبنولئەسیر) هەر لەگەڵ گەورەبوونیدا دەستی کردووە بە بەدەستهێنانی زانست لە زانا و ناودارانی (موسڵ و بەغداد و شام)ی وەک (ئەبی ئەلقاسم یەعیشی فەقیهی شافعی، ئەبی ئەحمەدی کوڕی عەبدولوەهابی کوڕی عەلی ئەلصوفی، ئەبی فەزڵ عەبدوڵای کوڕی ئەحمەد ئەلخەطیب ئەلطوسی(ابن خلكان، ١٩٩٤، ج٣، ص٣٤٨)، ئەبی فەرەج یەحیای ئەلثەقەفی، عەبدولمۆمنی کوڕی کەلیب، ئیبن سویدەی ئەلتکریتی و ئیبن ڕەواحە) و هی تر(الذهبي، تذكرة الحافظ، ب.س، ج٤، ص١٣٩٩).

(ئیبنولئەسیر) چەندین جار سەردانی شاری (بەغداد)ی کردووە، گەشتی کردووە بۆ (دیمەشق و قودس و حەلەب)، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ (موسڵ) و لەوێ ماوەتەوە و خەریکی کاری زانست بووە، هەروەها لەلایەن کاربەدەستانی (موسڵ)ەوە کەسێکی گوێ لێگیراو بووە، هەروەک (ئیبن کەثیر) ئاماژەی بۆ کردووە، کە (ئیبنولئەسیر) وەزیر بووە بۆ هەندێکیان( وەرگیراوە لە: آبو هدهود،٢٠٠٩، ص١١).

(ئیبنولئەسیر) خاوەنی چوار کتێبی بەناوبانگە لە بوارە جیاوازەکانی وەک (مێژوو و ژیاننامە و ڕەچەڵەکناسی)، بەکورتی کتێبەکانی دەناسێنین:

١_ الكامل فى التاريخ: بە یەکێک لە گرنگترین و بەناوبانگترین ساڵنامە مێژووییە ئیسلامییەکان دادەنرێت، کتێبەکەی لە سەرەتای دروستبوونەوە دەستپێدەکات و بە باسکردنی ڕووداوەکانی ساڵی(٦٢٨ک/١٢٣١ز)کۆتایی دێت (ابن خلكان، ١٩٩٤، ج٣، ص٣٤٨؛ ابن العماد الحنبلى، ج٦، ص٢٤١_٢٤٢.)، واتا دوو ساڵ پێش وەفات کردنی، کە تێیدا ڕووداوەکانی جیهانی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتەوە تاوەکو ڕۆژئاوای ئیسلامی باسکردووە.

(ئیبنولئەسیر) لەم کتێبەیدا نووسینی لەسەر بنەمای ساڵەکان بەپێی بابەتەکان تێکەڵ کردووە، کە تیایدا ڕووداوەکانی لە چوارچێوەیەکی پەیوەندیداردا داناوە، بۆ ئەوەی وێنەیەکی یەکگرتوویان لێ بکێشێت، لە ڕووی کات و جوگرافیاوەشەوە هاوسەنگ بێت، هەموو ئەو سەردەمە مێژووییانەی کە نووسەر مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، نموونەی هێناوەتەوە وەک

باسکردن لە ژیانی (پەیامبەری ئیسلام موحەممەد) و خەلیفەکانی (ڕاشدین) و دەوڵەتانی (ئومەوی و عەباسی) و سەرهەڵدانی دەوڵەتان لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و ڕۆژئاواوای و سەردەمی هەژموونی دەسەڵاتی غەیرە عەرەب بەسەر (بەغداد) لە سەردەمی (عەباسی)یەکان وەک (فارسەکان و تورکە سەلجوقییەکان) و لەشکرکێشی ڕۆژئاواییەکان بۆ سەر هەندێک لە شارەکان لە (شام و فەلەستین).

(ئیبنولئەسیر) لە مێژووەکەیدا تێبینی ئەوەی لێکراوە زیاتر لە سێ سەدەی یەکەمدا پشتی بە کتێبەکەی (مێژووی تەبەری) بەستووە، بەڵام گۆڕانکاری تێدا کردووە و هەوڵیداوە دیدگای خۆی بەرامبەر بە ڕووداوەکان بخاتەڕوو( العبايجي، ٢٠١٤، ص٣). خۆیشی لە پێشەکی کتێبەکەیدا ئاماژەی بەوەکردووە من بەو مێژووە گەورەیە دەستم پێکرد کە (ئیمام ئەبو جەعفەری تەبەری) کۆی کردۆتەوە، کتێبێکە هەمووان پشتی پێدەبەستن، هەروەها باسی لەوەش کردووە هەر شتێک لە ئەودا نەبووە لە کتێبەکەی خۆیدا بۆی زیاد کردووە( ابن الاثير، ١٩٨٧، الكامل، ج١، ص٦_٧).

٢_ أسد الغابة في معرفة الصحابة: (ئیبنولئەسیر) لەم کتێبەدا هاوەڵانی ناساندووە، بەپێی پیتەکانی ئەلفوبێ ڕێکیانی خستووە، بە پیت ناوەکانی دەستنیشان کردووە، لەم کتێبەدا سوودی لە کتێبی (موحەممەدی کوڕی یەحیای کوڕی مەندەی ئەلعەبدی/٣٠١ک/٩١٣ز مردووە) بەناوی (معرفة الصحابة) و کتێبی (ئەبی نەعیم ئەحمەدی کوڕی عەبدوڵای ئەصفەهانی/٤٣٠ک/١٠٣٩ز مردووە) بەناوی (معرفة الصحابة) و کتێبی (یوسفی کوڕی عەبدوڵای کوڕی عەبدولبیری ئەلقرطوبی/٤٦٣ک/١٠٧١ز مردووە) بەناوی (الاستيعاب في معرفة الأصحاب) و کتێبی (أبو موسى موحەممد کوڕی ئەبی بەکر عومەری ئەلمدینی/٥٨١ک/١١٨٥ز مردووە) بەناوی (ذيل معرفة الصحابة) بینیووە (تقی الدين، ١٩٨٧ ، ج٢، ص١٠٢؛ ابن العماد الحنبلی، ١٩٩١، ج٦،ص٢٤٢) لەو سەرچاوانەی کۆڵیوەتەوە و پاشان ئەم بەرهەمەی لێ بەرهەم هێناوەتەوە، بابەتەکانی کورت کردۆتەوە و بە ئەلفوبێ ڕیزیانی کردووە، لە پێشەکی کتێبی (أسد الغابة) دا باسی هۆکاری نووسینی کتێبەکەی کردووە و ئاماژەی بەوەکردووە لەسەر داوای کۆمەڵێک لە فەرمووەدەناسە دیارەکان و شارەزایانی بوارەکە بووە. (بڕوانە: ابن الأثير، ب.س، اسد الغابة، ج١، ص١١٠_١١٣).

٣_ التاريخ الباهر في الدولة الأتابكية: ئیبنو لئەسیر لەم کتێبەیدا باس لە مێژووی دەوڵەتی (زەنگییەکان) لە (موسڵ) کردووە، کە لەلایەن (عیمادەدین زەنگی) لە ساڵی(٥٢١ک/١١٢٧ز) دامەزرێنراوە. ئەم کتێبە بە بەرهەمێکی تایبەتی (ئیبنولئەسیر) دادەنرێت، چونکە وەک بەرهەمەکانی تری پێداچوونەوە یان کورتکردنەوە و زیادکردنی بەرهەمێکی پێشووی خۆی نییە، بەڵکو کتێبەکەی ڕووداوەکانی نێوی بەشێکی زۆری هاوسەردەمی خۆی و بەهۆی پەیوەندیی نزیکی لە بنەماڵەی (زەنگییەکان) و فەزڵ و چاکەیان بەسەریانەوە نووسیووە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار هەواڵەکان و گێڕانەوەکانی لە سنووری دەوڵەتی (زەنگییەکان) و (موسڵ) تێپەڕیوە، بەوپێیەی کتێبەکە ڕووداو گەلێکی لە خۆگرتووە، لە ماوەی نێوان (٤٧٧-٦٠٧ک/١٠٨٤-١٢١٠ز) وێنەیەکی گشتگیر و وردی لایەنی (سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی)، چالاکی سەربازی و جموجۆڵی سوپا لەم قۆناغەدا، لە هەردوو وڵاتی (عێراق و شام) و تا ڕادەیەک لە (میسر) باس کردووە.

(ئیبنولئەسیر) پلانی کتێبەکەی بە هەواڵی (قەسیم ئەدەولە ئاقسەنقری باوکی عیمادەدین زەنگی) و پەیوەندی نزیکی لەگەڵ سوڵتانی سەلجوقی (مەلکشا/٤٦٥-٤٨٥ک/١٠٧٢-١٠٩٢ز)

دەست پێکردووە، هەروەها باسی لە کێشەکانی نێو ماڵی (سەلجوقی) دوای مردنی (مەلکشا) و تێوەگلانی (قەسیم ئەلدەولە) تێیدا و پاشان مردنی کردووە، هەروەها باسی لە مردنی هەندێک لە خەلیفەکانی (عەباسی) لەو قۆناغە کردووە، زانیاری دەربارەی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوچەکەی لە ژێر دەسەڵاتی (زەنگی)یەکان خستۆتەڕوو، وەک هەرزانی نرخ و دادپەروەری و ئاسایشی ناوچەکە.

زانیاری دەربارەی بەدەستهێنانی پۆستی ئیداری (عیمادەدین) لە ڕۆژانی حوکمڕانی (سەلجوقی) لە (واسط، بەسرە و بەغدا) خستۆتەڕوو، هەروەها حوکمڕانی (عیمادەدین) بەسەر (موسڵ) و جموجوڵەکانی بەرەو ڕۆژئاوا و کۆنترۆڵکردنی (حەلەب و حەما) لە نێوان ساڵانی(٥٢١_٥٢٣ک/١١٢٧-١١٢٩ز)، یەکەم پێکدادانی لەگەڵ خاچدروشمەکان لە ناوچەکە و ڕۆڵی بەرگری کردن دژیان و زۆر لایەنی تری باس کردووە ( بڕوانە: آبو هدهود، ٢٠٠٩، ص٢٥_٢٧).

٤_اللباب في تهذيب الأنساب: لەم کتێبەدا (ئیبنولئەسیر) سوودی زۆری لە کتێبەکەی (سەمعانی[٤]) وەرگرتووە، بە جۆرێک کتێبەکەی (سەمعانی) کە تایبەتە بە ڕەچەڵەک لە چەندین بەرگەوە کورت کردۆتەوە بۆ چەند بەرگێک (ابن العماد الحنبلی، ١٩٩١، ج٦، ٢٤٢)، لە هەندێک شوێن هەڵەکانی (سەمعانی) ڕاست کردۆتەوە و زۆرێک لە کەم وکوڕی و هەڵەکانی ئاشکرا کردووە( ابن خلكان، ١٩٩٤، ج٣، ص٣٤٩؛ تقی الدين، ١٩٨٧، ج٢، ص١٠٢)، ئەوەی (سەمعانی) لە بابەتی ڕەچەڵەکدا ئاماژەی پێنەداوە بۆی زیادکردووە(اليافعي، ١٩٩٧، ج٤، ص٥٦).

کتێبەکە بەسوودە بۆ شارەزابوون لە دابونەریتی خێڵەکی عەرەبەکان پێش ئیسلام و دوای ئیسلامیش، لە کتێبەکەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە کتێبەکە لە کتێبەکەی (سەمعانی) زیاتر قبوڵکراو و زیاتر بڵاوبووەتەوە، ئەم شێوازە لە وەرگرتن و داڕشتنەوەیە لە هەموو بەرهەمەکانی (ئیبنولئەسیر) بەڕوونی دەردەکەوێت. ئەمەش زیرەکی و لێهاتووی (ئیبنولئەسیر) دەردەخات، کە بە کارامەییەکی زۆرەوە بابەتەکانی وەرگرتووە و بە پێی دیدگای تایبەتی خۆی بەکاریانی هێناوە و سودی لێوەرگرتوون، وا دیارە نووسینەکانی ئەم کتێبە بووەتە سەرچاوەیەکی بە پێز لە ڕەچەڵەک ناسیدا بۆ ئەوانەی دوای (ئیبنو لئەسیر) هاتوون.

سەرەڕای ئەم کتێبانە (حاجی خەلیفە) لە کتێبی (کشف الظنون) ئاماژەی بە کتێبی پێنجەمی کردووە کە (ئیبنولئەسیر) لە چەند کتێبێکەوە کۆی کردۆتەوە، کە بریتییە لە (تحفة العجائب وطرافة الغرائب)، کە تاوەکو ئێستاش دەستنووسە، بەڵام (طارق مەحمود ئەبو هدهود) لە تێزی دکتۆراکەیدا بەناونیشانی (ابن الأثير ودوره في الكتابة التاريخية)، ئاماژەی بەوەکردووە گەڕاندنەوەی ئەو کتێبە بۆ (ئیبنولئەسیر) نادروستە، چونکە مادە و کەرەستەکانی ئەم کتێبە ناچێتە چوارچێوەی ئەو بابەتانەی مێژوو کە جێگەی سەرنجی (ئیبنولئەسیر) بوون، دەستنووسی کتێبەکە باس لە تایبەتمەندییەکانی کەرەستە و جەستە و کانزا و ڕووەک و جۆرەکانی گیاندار دەکات، (طارق) درێژە بە قسەکانی دەدات و ئاماژەی بەوەکردووە (داود ئەلچەلەبی)ش پێی وایە ئەم کتێبە لەلایەن (عمادەدین ئیسماعیل کوڕی ئەحمەد کوڕی ئەثیر ئەلتەنوخی ئەلحەلەبی) نووسراوە، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی کۆچیدا ژیاوە( آبو هدهود، ٢٠٠٩، ص١٧).

(ئیبنولئەسیر) دوای ئەو خزمەتە زۆرەی بە مرۆڤایەتی و مێژووەکەی کردووە، لە مانگی (شەعبان)ی ساڵی (٦٣٠ک)، کە بەرامبەرە بە مانگی (حوزەیران)ی ساڵی(١٢٣٣ز) کۆچی دوایی کردووە (ابن الفوطي، ١٩٦٢، ج٤، ص٢٦١؛ الذهبي، تذكرة الحفاظ، ب.س.ج٤، ص١٤٠٠).

**بەشی دووەم: تێڕوانینی (ئیبنولئەسیر) بۆ خەلیفەکانی ئومەوی**

ئەگەر تێبینی تۆمارەکانی (ئیبنولئەسیر) بکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە ناوبراو تەنیا باسی خودی دەوڵەتی ئومەوی نەکردووە، بەڵکو زیاتر تیشکی خستۆتەسەر خەلیفە و والییەکانیان، لەسەر کەسایەتی خەلیفەکان دواوە. یەکەم باسیشی، ناوهێنانی (زیاد ئیبن ئەبیە) وەك برای یەکەمین خەلیفەی دەوڵەتەکە (موعاویەی کوری ئەبو سوفیان/٤١-٦٠ك/٦٦١-٦٨٠ز) لەلایەن خودی خەلیفەوە. لەم بارەوە بە ڕوون و ڕاشکاوی قسەی لەسەرکردووە و لە شیکردنەوەی بۆچوونەکان و گێڕانەوەکاندا درێغی نەکردووە. تەنانەت هەوڵیداوە دوای ئاماژەدان بە ڕاوبۆچوونەکان، بۆچوونی خۆیشی لەسەر بخاتەڕوو. لە کۆتایی گەیشتۆتە ئەوەی، کە ئەوەی (موعاویە) کردویەتی کارێکی هەڵە بووەو لە ئیسلامدا ڕێگە پێدراو نەبووە، بەوەی کوڕی کەنیزەکێک بۆ بابەتێکی سیاسی بکەیتە برای خۆت، (ئیبنولئەسیر) ڕەخنەیەکیشی لە (تەبەری) مێژوونووسیش گرتووە بەوەی بەدواداچوونی نەکردووە بۆ ئەم بابەتە و لە کورتیدا بابەتەکەی بڕیوەتەوە[٥]. تەنانەت باسیشی لەوە کردووە، کە (زیاد) کوڕی کۆیلەیەک بووە بەناوی (عوبەید)و ئەویش کۆیلەی (حارسی کوری کیلدە)ی پزیشک بووە. خۆی (سومەیەی) دایکی (زیاد)ی پێداوە، (زیاد) لەو بووە، نەک لە (ئەبو سوفیان)ی باوکی (معاویە)( ابن الاثیر،١٩٨٧، الكامل ، ج٣، ص٢٩٩_٣٠٠) دواتر باسی لەوە کردووە، کە (موعاویە) کارێکی کردووە، دژ بە ئاینی ئیسلام و پەیامبەری ئیسلام ئەم کارەی ڕەتکردۆتەوە [٦]، باسی لەوەش کردووە (زیاد) ویستویەتی لەڕێگەی نامەیەکەوە (عائیشە)ی خێزانی پەیامبەری ئیسلام بە (زیادی کوڕی ئەبوسوفیان) وەڵامی بداتەوە، بۆیە نامەیەکی بەناوی (زیادی کوڕی ئەبوسوفیان) بۆ (عائیشە) ناردووە، بەڵام (عائیشە) بەناوی (کوڕەکەی زیاد) ناوی هێناوە، نەک کوڕی ئەبوسوفیان( بڕوانە: ابن الاثیر،١٩٨٧، الكامل ، ج٣، ص٢٩٩_٣٠٢) .

لێرەوەش بۆمان دەردەکەوێت (ئیبنولئەسیر) بەشێوەیەکی بێلایەنانە دوور لە هەر لایەنگری و پیاهەڵدانێک قسەی لەسەر ڕووداوەکە کردووەو ڕاوبۆچوون و گێڕانەوەکانی تاوتوێ کردووەو بەوردی لەسەر ئەو بابەتە هەستیارە دواوە.

یەکێکی تر لەو ڕووداوانەی زۆرترین قسەی لەسەرکردووەو ڕووداوەکەی بە باشی تۆمار کردووە، ئەو کردارە ناپەسەندانە بووە، کە (موعایەی کوڕی ئەبوسوفیان) وەك یەکەم دەسەڵاتداری ئومەوی بەهۆی (زیاد ئیبن ئەبیە) والی کوفە ئەنجامیان داوە. تێدا سوکایەتی بە بنەماڵەی (عەلی کوڕی ئەبوتالب)و جنێوان بە خودی (عەلی) کردووە. گەیشتۆتە ئەوەی فشار بخاتە سەر لایەنگرانی ئەو بنەماڵەیە و سوکایەتیان پێبکات، تاوەکو ئەوەی بەشێکی لایەنگرانیان لە ڕێگەی فشار و توندوتیژی، پاشگەز کردۆتەوە. بەشێکی تریان ئەو فشارانە کاری تێنەکردوون، بۆیە کۆتایی بە ژیانیان هاتووە (ابن عبدالبر، ١٩٩٢، ج١، ص٣٢٩-٣٣٢؛ الیعقوبی، ٢٠١٠، ج٢، ص١٣٩-١٤١؛ المسعودی، ١٩٨٨، ج٢، ص٢٨١-٢٨٤؛ علایلی، ص٢٣١).

باسێکی تری لەسەر جێنشینی (یەزیدی کوڕی موعاویە/٦٠-٦٤ك/٦٨٠-٦٨٣ز)و دەسەڵاتەکەی بۆچوونێکی ئەوتۆی خۆی کە شایەنی باس کردن بێت دەرنەبڕیووە، ئەوەندە هەیە لە ڕێگەی گێڕەرەوەکانەوە بە درێژی باسی لە کردارە خراپەکانی (یەزید) کردووە( بڕوانە: البلاذری، ١٩٩٦، ج٥، ص٢٩٩) هەر لە کوژرانی (حسێنی کوڕی عەلی) و ناڕەزایەتی خەڵکی

شاری (مەدینە) دژی (یەزید)و باسکردنی وەک کەسێکی خراپەکاری دوور لە ئایینی ئیسلام و ڕەوشتەکانی پەیامبەر (د.خ)و هەروەها هەتکردن و سوکایەتیکردن بە خەڵکی شاری (مەدینە)و هێرشکردنە سەر شاری (مەککە)و سوتاندنی (کەعبە) بەهۆی ئەو هێرشەوە ( بڕوانە ابن الاثیر،١٩٨٧، الکامل، ج٣، ص٣٨١-٤٤٤ ، ٤٤٩-٤٥٠ ، ٤٥٥-٤٦٤)، دواتر (عەبدوڵلای کوڕی زوبێر) بەهۆی ئەو هێرشانە و ڕووخاندن و سوتاندنی بەهۆی مەنجەنیقەکانەوە (کەعبە)ی نۆژەن کردۆتەوە ( ابن کثیر، ١٩٩٧، ج١١، ص٦٩١)، (ئیبنولئەسیر) پێی وابووە هۆکاری درەنگ نۆژەنکردنەوەو چاکردنەوەی (کەعبە) لەلایەن (عەبدوڵا)وە بۆ ئەوە بووە ببێتە هۆکارێک بۆ تانەدان لە ئومەوییەکان و خەڵکی (شام), بەوەی سوکایەتیان بە ماڵی خودا کردووە (١٩٨٧، الکامل، ج٤، ص٢٤).

لە باسێکی تریدا ئاماژەی بەوەداوە، کاتێک (عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان/٦٥-٨٦ك/٦٨٥-٧٠٥ز) هێرشی کردۆتە سەر شاری (مەککە) بە مەنجەنیق و بەردبارانی (کەعبە)ی کردووە (ابن سعد، ب.س، ج٧، ص٢٢٦؛ النویری، ٢٠٠٤، ج٢١، ص٨٢؛ القرمانی، ١٩٩٢، ج٢، ص٢٦)، (ئیبنولئەسیر) ئاماژەی بەوە داوە لە ڕۆژگاری (یەزیدی کوڕی موعاویە)، کە ئەم کارەی کردووە، (عەبدولمەلیک) ڕەخنەی لە (یەزید) گرتووە، کەچی خۆی هەمان کاری ئەوی دووبارە کردۆتەوە ( ابن الاثیر، ١٩٨٧، الکامل، ج٤، ص١٢٢) .

لە باسکردنی ڕۆژی مردنی (عەبدولمەلیک کوڕی مەروان)دا (ئیبنولئەسیر) ئاماژەی بەوەکردووە لەو ڕۆژەی (عەبدوڵلای کوڕی زوبێر) دەکوژرێت[٧]، تاوەکو ئەو ڕۆژەی (عەبدولمەلیک) مرد، ماوەی خەلافەتەکەی (سیانزە) ساڵ و نزیک بە (چوار) مانگ بوو ( ابن الاثیر، ١٩٨٧، الکامل، ج٤، ص٢٣٧)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت (ئیبنولئەسیر) دەسەڵاتەکەی (عەبدوڵلا) بە دەسەڵاتێکی شەرعی زانیووەو ئەوی بە خەلیفەی شەرعی داناوە تاوەکو (عەبدولمەلیک). دوای ئەوەی (عەبدولمەلیک) نەخۆش کەوتووە، دواتریش بەو نەخۆشییە لە ساڵی (٨٦ك/٧٠٥ز) کۆچی دوایی کردووە ( ابن اعثم الکوفی، ١٩٩١، ج7، ص١٣٣-١٣٥؛ ابن العدیم، ١٩٩٦، ص٢٦).

وەکو مێژوونووسان دەیگێڕنەوە، (عەبدولمەلیک) یەکەم کەس بوو لە ئیسلامدا پەیمانشکێنی بە کوژرانی (عەمروی کوڕی سەعید)[٨] کردووە (الصفدی، ١٩٩١، تحفة، ج١، ص١٢٢؛ الجاحظ، ١٩٥٥، ص١٢٥ ). لەم بوارەدا (ئیبنولئەسیر) ئاماژەی بەوە داوە، (عەبدولمەلیک) یەکەم کەس بوو ڕێگری لەخەڵک بکات لەبەردەم خەلیفە قسە بکەن. یەکەم کەسیش بوو ڕێگری لە فەرمانکردن بە چاکە کرد، تاوەکو ئەو ڕادەیەی ووتوویەتی: هەرکەس ڕێنمایم بۆ ڕێگای ڕاست بکات دەیکوژم( ابن الاثیر، ١٩٨٧، الکامل، ج٤، ص٢٤٠).

لە ئاماژەیەکی تریدا دوای دەستبەکاربوونی (وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک/٨٦-٩٦ك/ ٧٠٥-٧١٥ز) لە دوای باوکی باسی لەوە کردووە، کە (وەلید) یەکەم کەس بوو پیرۆزبایی لە خۆی کردووەو هەستاوەتە سەر ڕێ بۆ بەیعەتدان، دوای ئەوەش وتاری هەینی خوێندۆتەوە، لە کۆتایی وتارەکەیدا هەڕەشەی لەوانە کردووە ئەگەر دژی بووەستن، چارەنووسیان مردنە، بۆیە بە ستەمکارێکی سەرسەخت ناوی بردووە، لە جێگایەکی تر و لە باسی مردنەکەی ئاماژەی بەوە کردووە، کە کەسێکی ناشرین و خراپەکار و لوتبەرز بووە( ابن الاثیر، ١٩٨٧، الکامل، ج٤، ص٢٤٠، ٢٩١).

ئەگەرچی (ئیبنولئەسیر) ئەو خەلیفەیەی بە کەسێکی ستەمکار داناوە، بەڵام (وەلید) کاری باشیشی کردووە (القلقشندی، ب.س، ص١٣٤-١٣٦)، وەک ئەوەی نامەی بۆ هەموو

فەرمانڕەواکانی شارەکان نووسیووە، تا ئارامی و ئاسایش بۆ ڕێگاکان فەراهەم بکەن و ئاو لە ڕێگاوبانەکان دابین بکەن، ڕێگری لە چەتە و ڕێگرەکان بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا بژێوی بۆ دابین کردوون (القرمانی،١٩٩٢، ج٢، ص٣٣)، هەروەها مزگەوتەکانی لە (دیمەشق و مەدینە)ی نۆژەن کردۆتەوە(الیعقوبی، ٢٠١٠، ج٢، ص٢٠٥-٢٠٦؛ الصفدی،١٩٩٢، تحفة،ج١، ص ١٢٩-١٣٠)، بەخششی بە سواڵکەران داوە و کارەکەری بۆ پەککەوتان و ڕێنیشاندەری بۆ نابینایان دابین کردووە(القرمانی،١٩٩٢، ج٢، ص٣٢-٣٣). باسی لەوەش کردووە، (وەلید) لای خەڵکی (شام) باشترین خەلیفە بووە( ابن الاثیر، ١٩٨٧، الکامل ، ج٤، ص٢٩٢)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت (ئیبنولئەسیر) چاوپۆشی لە خراپەکانی (وەلید) نەکردووە، لە هەمان کاتدا کارە باشەکانیشی نادیدە نەکردووە.

لەلایەکی دیکەوە شتێکی خراپی لەسەر (سلێمانی کوڕی عەبدولمەلیک (٩٦-٩٩ك/٧١٥-٧١٧ز)، کە لە دوای (وەلید)ی برای دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، نەگێڕاوەتەوە، بەڵکو زیاتر باسی ئەو گوێگرتنەی خەلیفەی کردووە بۆ فەقیهی ناودار (ڕجائی کوڕی حیوە[٩]، چۆن گوێ لە فەرمایشتەکانی ناوبراوی گرتووە بۆ دانانی کەسێکی وەکو (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز/٩٩-١٠١ك/٧١٧-٧٢٠ز) بۆ جێنشین، هەر بۆیەش بە کلیلی چاکەکاری ناوی بردووە (بڕوانە ابن الاثیر،١٩٨٧، الکامل، ج٤، ص٣١١-٣١٣) .

لە باسی خەلیفە (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز)یش باسێکی تەرخان کردووە بۆ کار و کردەوەکانی و بە درێژی باسی وتارەکان و نامەکانی بۆ فەرمانڕەوایانی وڵات و گفتوگۆکانی لەگەڵ خەڵکانی دەوروبەری کردووە. لە هەموو باسەکانیشیدا ئەو وتانەی هێناوەتەوە، باس لە دادپەروەری و هاندانی دەوروبەر و فەرمانڕەواکان کردووە، بەوەی لەگەڵ خەڵکیدا باش بن و دوای شتی دونیایی نەکەون(بڕوانە: ابن الاثیر،١٩٨٧، الکامل، ج٤، ص٣٢٧-٣٣١)، هەروەها ڕاگرتنی نەفرین کردن و جنێودان و سوکایەتی بە (عەلی کوڕی ئەبو تالیب) (الیعقوبی، ٢٠١٠، ج٢، ص٢٣١؛ القرمانی،١٩٩٢، ج٢، ص٤٧)، کە لای خەلیفەکانی ئومەوی ببووە ئەرکێک، هەر خەلیفەیەک هاتووە درێژەی بەو سوکایەتی و جنێودانە داوە، بەڵام (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) هەر بە گەیشتنی بە دەسەڵات ئەو کارەی ڕاگرتووە(ابی الفداء، ب.س، ج١، ص٢٠١؛ القلقشندی، ب.س،ج١، ص١٤٤-١٤٣؛ الصفدی،١٩٩٢، تحفة، ج١، ص١٤٩).

لە باسی (یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیک/١٠١-١٠٥ك/٧٢٠-٧٢٤ز)یش, کە دوای (عومەر) دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، زیاتر تیشکی خستۆتە سەر ژیانی (یەزید) لەگەڵ (حەبابە[١٠])ی کەنیزەکی و چۆنیەتی مردنەکەی هەردووکیان، ئەگەرچی بە دێڕیک نووسیویەتی (یەزید) بە نەخۆشی (سیل) کۆچی دوایی کردووە، بەڵام هەر خۆی ڕووداوێکی بەوردی گێڕاوەتەوە: کە گومان لای توێژەر دروست بکات بەوەی لە خەفەتی عاشقی کەنیزەکەکەی کۆچی دوایی کردووە، نەک نەخۆشی سیل( ابن الاثیر،١٩٨٧، الکامل، ج٤، ص ٣٦٧-٣٦٨)، ئەمەش لە چەندین سەرچاوەی تردا پشت ڕاست کراوەتەوە(بڕوانە: للقلقشندی، ب.س، ج١، ص١٤٦؛ ابن تغری بردی، ب.س، ج١، ص٣٢٥؛ القرمانی،١٩٩٢،ج٢، ص٤٧. ) .

لە باسکردنی سەردەمی دەسەڵاتی (هیشامی کوڕی عەبدولمەلیک/١٠٥-١٢٥ك/٧٢٤-٧٤٣ز)یش, کە دوای (یەزید) گەیشتە پایەی خەلافەت، شتێکی ئەوتۆ سەبارەت (بە هیشام) باس نەکردووە، ئەگەرچی کەسێکی وەک (زیدی کوڕی عەلی کوڕی حوسێن) یەکێک لە ڕێبەرانی شیعە و نەوەی (عەلی کوڕی ئەبو تالب) لە سەردەمی (هیشام)دا بە دەستی (یوسفی کوڕی عومەر)ی والی (کوفە) کوژرا ( المقدسی، ب.س، ج٦، ص٤٩-٥٠). دوای کوژرانیشی سوکایەتی

بە تەرمەکەی کراوە( المسعودی، ١٩٨٨، ج٢، ص٤١٠؛ ابن اعثم الكوفی، ١٩٩١، ج٨، ص ٢٩٤-٢٩٥)، کەچی بەهیچ شێوەیەک باسی لە هەڵوێستی (هیشام) لەو کوشتنەی نەکردووە، بەڵام کە هاتۆتە سەر کار و کردەوەکانی (هیشام) چەندین شتێکی لەسەر گێڕاوەتەوە وەکو کەسێکی باش و دڵفراوان لەگەڵ خەڵکەکەی باسی کردووە( ابن الاثیر، ١٩٨٧، الكامل، ج٤،ص ٤٦٥_٤٦٧)، بەهۆی ئەو هەڵسوکەوتە نەشیاوانەشی (وەلیدی کوڕی یەزید/١٢٥-١٢٦ك/٧٤٣-٧٤٤ز)ی جێنشینی ئەنجامی داوە وەک شەراب خواردنەوە(ابو الفداء، ب.س، ج١، ص٢٠٥؛ الجاحظ، ١٩٥٥، ص٢٥٩)، (هیشام) ویستویەتی لەو خەڵکانەی دوور بخاتەوەو ڕوو لە ئاین بکات، بۆ ئەمە کردویەتییە ڕێبەری حەج. کەچی لە ڕۆشتنەکەی بۆ حەج بە دزییەوە چەندین سندوق شەراب و سەگیشی لەگەڵ خۆی بردووە( الطبری، ب.س، ج٤، ص٢٢٢؛ ابن الجوزی، ١٩٩٢ ، ج٧، ص١٢٤)، لەوەش خراپتر گومەزێکی دروستکردووە خستویەتە سەر (کەعبە), تا ئەوەی ویستوویەتی بڕوات لەسەر گومەزەکە شەراب بخواتەوە ( الیعقوبی، ٢٠١٠، ج٢، ص٢٦٤؛ القرمانی، ١٩٩٢، ج٢، ص٥١-٥٢)، بۆیە (هیشام) ویستوویەتی لە جێنشینی خۆی لای بدات، بەڵام (وەلید) و خزمەکانی بەمە ڕازی نەبوون (الطبری، ب.س، ج٤، ص٢٢٢؛ النویری، ٢٠٠٤، ج٢١، ص٢٨٢ )، هەربۆیە کاتێک (هیشام) کۆچی دوایی کردووە و هەواڵی مردنەکەی بە (وەلید) دراوە، زۆری پێخۆش بووە، وەک یەکێک لە گێڕەرەوەکان باسی ئەوەی کردووە (وەلید) لە خۆشیدا ئەم هۆنراوەیەی وتووە:

طاب يَومي وَلَذَّ شُربُ السُلافَه       إِذ أَتاني نَعِيُّ مَن بِالرُصافَه

وَأَتانا البَريدُ يَنعى.......هِشاماً       وَأَتانا بِخاتَمٍ........لِلخِلافَه

فَاِصطَحَبنا مِن خَمرِعانَةَ صِرفاً       وَلَهَونا بِقَينَةٍ.......عَزّافَه( ابن الاثير، ١٩٨٧، الكامل، ج٤، ص٤٧٠.)

دواتریش ئەو شەوەی بە گۆرانی و مەی خواردنەوە بەسەر برد (ابن الاثیر، ١٩٨٧، الكامل، ج٤، ص٤٧٠ ).

دیارە هەر ئەم هەڵسوکەوتانەی (وەلید) وای (ئیبنولئەسیر) کردووە, بەسەرسەری و خراپەکار ناوی ببات. هەروەها بە نزیککەوتنەوە لە هاوسەرانی باوکی تۆمەتباریان کردووە، هەر ئەو کردەوانەشی بۆتە هۆی کوژرانی(ن.م،ج٤، ص٤٧٩). کوژرانەکەشی لەلایەن خودی بنەماڵەی ئومەوییەکانەوە بووە، چونکە بەتەواوی بێزاربوون لە کارە بەدڕەوشتییەکانی، تا ئەوەی بەدەستی (یەزیدی کوڕی وەلید) لە ساڵی( ١٢٦ك/٧٤٤ز) کوژراوە و دەسەڵاتەکەش هەر بۆ ئەویش گوازراوەتەوە(القلقشندی، ب.س، ج١، ص ١٥٦-١٥٧؛ الصفدی، ١٩٩٢، تحفة، ج١، ص١٦٣؛ القرمانی،١٩٩٢،ج٢، ص ٥٣-٥٤).

(ئیبنولئەسیر) لە مێژووەکەیدا بۆچوونێکی ئەو تۆی لەسەر دەسەڵاتدارانی دواتری ئومەوی نەبووە، تەنیا ئەوەندە نەبێت ئاماژەی بەوە کردووە، کە (یەزیدی کوڕی وەلید١٢٦-٧٤٤ز)[١١] وتراوە (ناقص)، چونکە ئەو بەخششانەی کەم کردۆتەوە، کە (وەلیدی کوڕی یەزید) زیادی کردووە(١٩٨٧، الكامل، ج٤، ص٤٨٧). (ئیبراهیمی کوڕی وەلید/١٢٦-١٢٧ك/٧٤٤-٧٤٥ز)یش لەبەرئەوەی ماوەی دەسەڵاتەکەی (چوار) مانگ بووە( المسعودی، ١٩٨٨، ج٢، ص٤٢١) بە زۆری (مەروان کوڕی محەمەد/١٢٧-١٣٢ك/٧٤٤-٧٥٠ز) لەسەر کار لای بردووە و خۆی شوێنی گرتۆتەوە( الیعقوبی، ٢٠١٠، ج٢، ص٢٦٧؛ ابن العدیم ،١٩٩٦، ص٢٨-٢٩). سەبارەت بە (مەروانی کوڕی محەمەد)یش، ئەگەرچی زیاتر لە (پێنج) ساڵ خەلافەتی کردووە( الصفدی، ١٩٩٢، تحفة، ج١، ص١٧٥) ، نازناوی (کەر و جەعدی) پێوە نراوە، چونکە لە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

(جەعدی کوڕی درهەم)ەوە بیروباوەڕی ئافراندنی (قورئان و قەزا و قەدەر)ی وەرگرتبوو(المقدسی، ب.س، ج٦، ص٥٥؛ للقلقشندی، ب.س، ج١، ص١٦٢-١٦٣). لە کۆتایدا ئاماژەشی بەوەش کردووە (مەروان) پیاوێکی بوێر و بەهێزبوو، بەڵام بوێری و بەهێزی سودێکیان پێنەگەیاند و ڕۆژگاری کۆتای پێهات( ابن الاثیر، ١٩٨٧، الکامل، ج٥، ص٧٧) .

**دەر ئەنجام**

دوای لێکۆڵینەوە لە ژیان و بەرهەمەکانی (ئیبنولئەسیر) و شیکردنەوەی دید و تێڕوانینی بۆ مێژووی دەوڵەتی ئومەوی و خەلیفەکانی، توێژینەوەکە گەیشتە ئەم دەرئەنجامانە:

١_ ئیبنولئەسیر تەنها گێڕەرەوەی ڕووداوەکان نەبووە، بەڵکو خاوەن دیدگای ڕەخنەیی بووە. ئەگەرچی بۆ سێ سەدەی یەکەم سودێکی زۆری لە (تەبەری) وەرگرتووە، بەڵام کوێرانە شوێنپێی هەڵنەگرتووە، بەڵکو زانیارییەکانی تەواو کردووە، ڕاستی کردوونەتەوە و بۆچوونی خۆی لەسەر ڕووداوەکان خستۆتەڕوو.

٢_ مێژوونووس ڕەخنەی لە (موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان) گرتووە بەهۆی گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لە شوراوە بۆ سیستەمی میراتی، ئەمەش لە ڕێگەی دیاریکردنی کوڕەکەی (یەزید) وەک جێنشین، ئەمەی بە لادان لە نەریتی ڕاستەقینەی حوکمڕانی ئیسلام داناوە.

٣_ ئیبنولئەسیر لە هەڵسەنگاندنی خەلیفەکاندا پێوەرە ئاینی و ئەخلاقییەکانی کردۆتە بنەما، بۆیە وێنایەکی جوانی بۆ (یەزیدی کوڕی موعاویە) و (وەلیدی کوڕی یەزید) نەکێشاوە، ئەمەش بەهۆی پێشێلکارییە شەرعییەکانیان وەک مەیخواردنەوە، کوشتنی (حوسێنی کوڕی عەلی) و هێرشکردنە سەر ڕووگەی موسڵمانان. لەکاتێکدا ستایشی دادپەروەریی خەلیفە (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز)ی کردووە.

٤_ سەرەڕای ڕەخنەکانی لە ستەمکاریی بەشێک لە خەلیفەکان، ئیبنولئەسیر لایەنی بابەتیبوونی لەدەست نەداوە. بۆ نموونە، سەرەڕای ئەوەی (وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک)ی بە ستەمکار داناوە، بەڵام دانیناوە بە دەستکەوتە ئاوەدانی و خزمەتگوزارییەکانی وەک چاککردنی ڕێگاوبان و خزمەتکردنی پەککەوتوان.

٥_ کاریگەریی ژینگەی سیاسی سەردەمی ئیبنولئەسیر، کە لەژێر سایەی دەوڵەتی زەنگی و خەلافەتی عەباسیدا ژیاوە بەسەر نووسینەکانیەوە دیارە، بە تایبەت لەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی سیاسەتی ئومەوییەکانی کردووە سەبارەت بە مامەڵەکردنیان لەگەڵ بنەماڵەی پێغەمبەر (د.خ) و ئالوبەیت.

٦_ بەپێی تێڕوانینی ئیبنولئەسیر، هۆکاری سەرەکی ڕووخانی دەوڵەتی ئومەوی تەنها سەربازی نەبووە، بەڵکو پەیوەندی بە لاوازیی کەسایەتی خەلیفەکانی کۆتایی وەک (یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیک) و (وەلیدی کوڕی یەزید)، سەرقاڵبوونیان بە ڕابواردن و دوورکەوتنەوەیان لە بەهاکانی حوکمڕانیی دروستەوە هەبووە، تەنانەت ئازایەتی کەسێکی وەک (مەروانی کوڕی محەمەد)یش نەیتوانیوە ڕەوتی ڕووخانەکە بوەستێنێت.

**پەراوێزەکان:**

[(١)] ئەم قەڵایە دەکەوێتە سەر ڕووباری فورات لە نێوان (بالس و ڕەقە) لە نزیک سەففەین، لە کۆندا ناوی (دوسر) بووە، خاوەکەی کەسێکی نابینا بووە لە (بەنو قوشەیر) بە ناوی جەعبەری کوڕی مالیک، بۆیە ئەم ناوەی لێنراوە.( یاقوت الحموی، ١٩٧٧، معجم البلدان، ج٢، ص١٤٢.)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

(٢) ئەم قەڵایە دەکەوێتە نزیک جەزیرە ئیبن عومەرەوە، دوو فەرسەخ لێکەوە دوورن، قەڵای کوردانی بەشنەوییە، باس لەوە دەکرێت نزیکەی سێ سەد ساڵە ئەمانی لێ دەژین. ئارام و دەمارگیرن، ئەو کەسانەش دەپارێزن کە پەنایان بۆ دەبەن و لەگەڵیان میهرەبانن.( یاقوت الحموی، ١٩٧٧، ج٢، ص٢٧٨.)

(٣) ڕەنگە هەر ئەمەش بوویێتە هۆی ئەوەی سەڵاحەدین ڕووبەڕووی ڕەخنەکانی ئیبن ئەثیر بوبێتەوە بە تایبەتی لە دواتردا و لە دوای مردنی نورەدین محمود زەنگی سەڵاحەدین دەستی بەسەر موڵک و ماڵی بنەماڵەی زەنگی لەشام و میسردا گرتووە.

(٤) ئەبو سەعید عەبدولکەریم کوڕی محەممەد کوڕی مەنصور ئەلتمیمی ئەلسەمعانی(٥٠٦ -٥٦٢ک/١١١٢-١١٦٦ز): مێژوونووس، ڕەچەڵەکناس و فەرموودەناس، لە شاری مەروی خۆراسان لەدایک بووە، ڕۆشتۆتە ناوچەکانی (نیشاپور، ئیسفەهان، بەغدا، شام و حیجاز) چەند ناوچەیەکی تر، ئەمەشی لە پێناو بە دەستخستنی زانست و زانیاری بووە. خاوەنی کتێبەکانی (الأنساب، أدب الإملاء والاستملاء، تبيين معادن المعاني، فضائل الشام) و چەندانی ترە. لە شاری مەرو لە تەمەنی( ٥٦) ساڵی کۆچی دوای کردووە. (الذهبی، ١٩٨٥، ج٢٠، ص٤٥٦-٤٦٥.)

(٥) بۆ ڕاستی و دروستی وتەکەی ئیبن الأثير و کورت بڕی تەبەری بۆ هەواڵەکە و ڕوون نەکردنەوەی زیاتر بڕوانە( الطبری، ج٣، ص١٩٥)

(٦) عن أَبِي هُرَيْرَةَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «الْوَلَدُ لِلْفِرَاشِ، وَلِلْعَاهِرِ الْحَجَرُ». واتا : لە ئەبو هورەیرەوە گێڕدراوەتەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: منداڵ بۆ خاوەن جێگایە، و هی مێردی (خاوەنی) ژنەکەیە، زیناکاریش هیچ مافێی نییە بۆ باوکایەتی منداڵەکەی. (أبو عبد الله محمد بن إسماعيل البخاري، ١٤٣٧ ھ، رواه البخاري في صحيحه، كتاب المحاربين من أهل الكفر والردة، باب: للعاهر الحجر، برقم: ٦٨١٨، ٩٣/٦. ينظر: الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله صلى الله عليه وسلم وسننه وأيامه، ط١، اعتنى به: دار الكمال المتحدة، الناشر: عطاءات العلم - الرياض.)

(٧) (عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر کوڕی عەوام/١-٧٣ک/٦٢٣-٦٩٢ز: یەکێک بووە لە کەسایەتییە دیارەکانی سەردەمی خەلافەتی ئیسلام، یەکەم منداڵ بووە, کە لە دوای کۆچی پەیامبەری ئیسلام موحەممەد (د.خ) بۆ مەدینە لەدایک بووە، کە ساڵی یەکەمی کۆچی بووە. لە سەردەمی خەلافەتی ڕاشدیندا بەشداری لە شەڕە دەرەکییەکانی وەک گرتنی ئەفریقا و شەڕە ناوخۆیەکانی نێوان موسڵمانانی وەک ناڕازیبوون لە دەسەڵاتی خەلیفە عوسمان و بەشداری کردن لە شەڕی جەمەل (٣٦ک/٦٥٦ز)دژی خەلیفە عەلی کردووە، لە دوای مردنی معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان دژایەتی دەسەڵاتەکەی یەزیدی کوڕی کردووە، دوای مردنی یەزیدیش خەلافەتی خۆی ڕاگەیاندووە و دەستی بەسەر حیجاز و عێراق و هەندێک شوێنی تردا گرتووە، خەلافەتەکەی کەوتۆتە نێوان ساڵانی(٦٤-٧٣ک/٦٨٤-٦٩٢ز)، بەڵام ئومەویەکان بە سەرۆکایەتیی عەبدولمەلیک کوڕی مەروان بەرەنگاری بوونەتەوە. عەبدولمەلیک بە سوپایەکەوە بە سەرۆکایەتی حەجاجی کوڕی یوسف ئەقەفی ڕووبەڕووی بووەتەوە و لە ساڵی(٧٣ک/٦٩٢ز) لە شاری مەککە بەسەریدا سەرکەوتووە و کوشتویەتی. بڕوانە( ابن خلكان،١٩٩٤، ج٣، ص٧١-٧٥؛ الذهبی، ١٩٨٢، سير أعلام، ج٣، ص٣٦٣_٣٨٠؛ القرمانی، ١٩٩٢، ص٢٤-٢٧.)

(٨) عەمروی کوڕی سەعیدی کوڕی عاس کوڕی ئومەیەی کوڕی عەبد شەمس قوڕەیشی ئومەویە(١٢-٦٩ک/٦٣٤-٦٨٩ز: بە لێهاتوویی وتاریێژی ناسراوە، بۆیە نازناوی ئەشدەق پێدراوە، لە ساڵی (١٢ک-٦٣٤ز) لە دایک بووە، یەکێک بووە لە دیارترین کەسایەتییە دیارەکانی بنەماڵەی ئومەویی. باوکی سەعیدی کوڕی عاس یەکێک بووە لەو هاوەڵانەی کە بەشداری فەتحەکانی موسڵمانانی کردووە و لە سەردەمی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان والی کوفە بووە. عەمرو لە گێڕەرەوانی فەرمودە بووە، بە تایبەتی فەرمودەی لە عومەر و عوسمان و عەلی و عائیشەوە گێڕاوەتەوە.

لەسەردەمی معاویەدا والی مەدینە بووە، لە دوای مردنی معاویەی دووەم( معاویەی کوڕی یەزیدی کوڕی معاویە) لە کۆبوونەوەی جابیە بڕیار دراوە لە دوای مەروانی کوڕی حەکەم ئەو یەکێک بێت لە کاندیدانی خەلافەت، بەڵام مەروان دوای بەهێزبوونی ئەو پەیمانەی شکاندووە و عەبدولمەلیکی کوڕی کردۆتە جێنشینی خۆی، دوای عەبدولمەلیک بۆ عەمری کوڕی سەعید بێت، بە تایبەتی کاتێک دەسەڵاتی مەروان بەهێزتر بوو، عەمروی کوڕی سەعیدی لە پۆستەکەی لابردوە. کاتێک عەبدولمەلیک هاتۆتە سەر دەسەڵات بڕیاری داوە بچێت بۆ عێراق بۆ شەڕکردن لەگەڵ موسعەبی کوڕی زوبێری کوڕی عەوام، کە دەستی بەسەر عێراقدا گرت بوو، عەمرو لەناو سوپاکەی عەبدولمەلیک بە دزییەوە گەڕاوەتەوە بۆ دیمەشق و دەستی بەسەر گرتووە، ناچار عەبدولمەلیک گەڕاوەتەوە بەدوای کەوتووە و گەمارۆی داوە. پاشان گەرەنتی ئەوەی پێداوە خۆی بەدەستەوە بدات، دواتر بە پیلانێکی ئاشکراو و بە شێوەیەکی ناپاکی عەبدولمەلیک لە ساڵی (٦٩ک-٦٨٩ز) دەیکوژێت. بڕوانە(البلاذري، ١٩٩٦، ج٦، ص٥٨-٦٧؛ الطبري، ب.س، ج٣، ص٥١٠-٥١٣؛ ابن كثير، ١٩٩٧، ج١٢، ص١٢٢-١٢٥.

(٩) ناوی تەواوی (ڕەجائی کوڕی حیوە کوڕی جندل کوڕی ئەحنەفی کیندی)، نازناوی (ئەبو مقدام و ئەبو نصر) بووە، لە شاری (بەیسانی) خاکی فەڵەستین لەدایکبووە. زانیاریی سەبارەت بە مێژووی لەدایکبوون نییە، بەڵام لەسەر مردنی ئەوە زانراوە لەسەردەمی دەسەڵاتی (هیشام کوڕی عەبدولمەلیک)و لە ساڵی(١١٢ک/٧٣٠ز) کۆچی دوای کردووە. هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە ڕووی لە زانستی شەرعی کردووە. یەکێک بووە لە تابیعەکان، بە حوکمی ئەوەی خۆی گێڕاویەتەوە (موعازی کوڕی جەبەلی) بینیوەو شتی لێ گێڕاوەتەوە. هەروەها زانستی لە (ئەبوسەعیدی خودری، ئەبو دەردائ، ئەبو ئومامە و عوبادەی کوڕی سامت)و چەندانی تر وەرگرتووە. یەکێک بووە لە گێڕەرەوەکانی فەرمووده، لەگەڵ زانستەکەی تێکەڵی کاروباری سیاسی بووە، وەک سەرچاوەکان دەگێرنەوە وەک ڕاوێژکار و وەزیری ژمارەیەک لە خەلیفەکانی بنەماڵەی ئومەییە بووە. بەتایبەتی پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ (سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیک و عومەری کوڕی عەبدولعەزیز)دا هەبووە. ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە دانانی (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) بە خەلیفە. ئەمەش دوای ئەوەی (سلێمانی کوڕی عەەبدولمەلیک نەخۆش دەکەوێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نەخۆشییەکەی قورستر دەبێت. داوا لە ڕەجاء دەکات لای بمێنێتەوە، ڕۆژێک پرسی بە ڕەجاء کردووە بۆ دانانی یەکێک لە کوڕەکانی ببێتە جێنشینی، ئاماژەی بەوەکردووە ئەی ڕەجا ڕات چییە دەربارەی داودی کوڕم؟ ئەویش وەڵامی داوەتەوە ئەی خەلیفە ئەو لەگەڵ سوپای موسڵمانان لە قوستەنتینییەیە و تۆ نازانیت ئێستا زیندووە یان مردووە. سلێمان ئاماژەی بۆ کوڕە بچوکەکەی ئەیووب کردووە، ڕەجاء ئاماژەی بەوەکردووە ئەی ئەمیری باوەڕداران، یەکێک لەو شتانەی کە خەلیفە لە گۆڕەکەیدا دەپارێزێت و بەرپرسیارێتیی لای پەروەردگار لەسەر لادەبات، ئەوەیە دەسەڵاتدار پیاوێکی

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٥

چاکەکار بکاتە جێنشینی. کوڕەکەت ئەیووب هێشتا منداڵە و نەگەیشتووەتە تەمەنی پێگەیشتن. سلێمان بە ڕەجائی وتووە کەواتە کێ پێشنیار دەکەیت؟ ڕەجائیش پێشنیاری عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی کردووە، بەڵام سلێمان ئاماژەی بەوەکردووە ئەگەر ئەو دابنێم و کوڕەکانی عەبدولمەلیک پشتگوێ بخەم، ئەوا فیتنەیەک دروست دەبێت و هەرگیز ناهێڵن ئەو حوکمڕانییان بەسەردا بکات. ڕەجائیش پێشنیاری ئەوەی کردووە یەکێکیان بکە بە هاوبەشی و بیخە دوای ئەو، ئەمەش وا دەکات پێی ڕازی بن. سلێمان نامەیەکی بە دەستی خۆی نووسیوە: بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان ئەمە نامەیەکە لە بەندەی خوا سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیک ئەمیری باوەڕدارانەوە بۆ عومەری کوڕی عەبدولعەزیز. من ئەوم کردە خەلیفە لە دوای خۆم، لە دوای ئەویش یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیکم کردە جێنشین. گوێڕایەڵی بن و گوێڕایەڵی بکەن و لە خوا بترسن و ناکۆک مەبن نەوەک تەماح کاران زاڵ بن بەسەرتاندا. پاشان نامەکەی مۆر کردووە و داویە بە دەستی ڕەجاء، پاشان بەیعەتیان بۆ ئەو کەسە وەرگرتووە کەلە نامەکەدا هەیە، جگە لە ڕەجاء و سلێمان تاوەکو مردنی سلێمان کەس نەیزانیوە کەسانی ناو نامەکە کێن. بڕوانە (ابن خلكان، ١٩٩٤، ج٢، ٣٠١-٣٠٣؛ الذهبی، ١٩٨٢، ج٤، ٥٥٧-٥٦١؛ ابوالرب، ٢٠١٥، ص ٢٦٠-٢٧١).

(١٠) حەبابە: یەکێک بووە لە کەنیزەکە جوان و شۆخ و شەنگەکان، دەنگێکی خۆشی هەبووە، ئامێری عودی ژەندووە. لە لای (موسلمی کوڕی سورەیج کوڕی مەحرز) ئامێری مۆزیکی خوێندووە. پێشتر کەنیزەکی پیاوێک بووە، بەڵام یەزید کڕیویەتی، ناوی ناوە حەبابە. یەزید عاشقی بووە، کاتێک لە سەفەرێک پێکەوە چوون بۆ ناوچەی ئوردن لەکاتی کەیف و ڕابواردندا یەزید دەنکە ترێیەکی بۆ فڕێداوە، حەبابەش هەڵی گرتووە و خواردویەتی، بەڵام لە قورگی گیر دەبێت و دەمرێت، یەزید بۆماوەی سێ ڕۆژ ڕێگە نادات عاشقەکەی لە گۆڕ بنێن تاوەکو لاشەکەی بۆگەن دەبێت، دواتر بە ناچاری ڕێگە دەدات بەناشتنی. بڕوانە (المسعودی، ١٩٨٨، ج٢، ص ٣٩٨-٤٠٢؛ ابن الاثیر،١٩٨٧، الكامل، ج٤، ص ٣٦٧-٣٦٨؛ الصفدی،٢٠٠٠، الوافی ، ج١١، ص٢١٥؛ ابن تغری بردی، ب.س، ج١، ص٣٢٥)

(١١) دەسەڵاتەکەی نزیکەی شەش مانگی خایاندووە، بڕوانە: للقلقشندی، ب.س، ج١، ص١٥٩.

## لیستی سەرچاوەکان

### أ_ سەرچاوە ڕەسەنەکان

ابن اعثم الكوفی، للعلامة أبي محمد أحمد، (١٩٩١) كتاب الفتوح، ت: علي شيري، ط١، دار الاضواء، بيروت.

ابن الأثیر، أبي الحسن على بن محمد الجزري، (ب.س)، اسد الغابة فی معرفة الصحابة، تحقيق وتعليق: الشيخ على محمد معوض و الشيخ عادل احمد عبدالموجود، ج١، دار الكتب العلمية بيروت.

ابن الأثیر، على بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبد الكريم بن عبدالواحد المعروف بابن الاثير الجرری، (ب.س)، التاريخ الباهر في الدولة الأتابكية، ت: عبدالقادر أحمد، الطبع والنشر دار الكتب الحديثة بالقاهرة ومكتبة المثنى ببغداد.

ابن الاثیر، ابی حسن على ابی الكرم محمد بن محمد بن عبدالكريم بن عبدالواحد، ١٩٨٧، الكامل فی التاريخ، ت: أبي الفداء عبدالله القاصی، دار كتب العلميه، بيروت.

ابن العديم، كمال الدين ابى قاسم عمر بن احمد بن هبهالله، (١٩٩٦)، زبدة الحلب من تاريخ حلب، ت: خليل منصور، ط١، دار الكتب العلميه، بيروت.

ابن العماد الحنبلى، عبد الحي بن أحمد بن محمد ابن العماد العكري الدمشقى، (١٩٩١)، شذرات الذهب في أخبار من ذهب،ج٦، ط١، حققه: محمود الأرناؤوط، عبدالقادر الأرناؤوط، دار ابن كثير، دمشق بيروت.

ابن الفوطي، كمال الدين عبد الرزاق بن تاج الدين،( ١٩٦٢)، تلخيص مجمع الآداب في معجم الألقاب، ت:مصطفى جواد، وزارة الثقافة والإرشاد القومي، ج٤، ط١ دمشق

ابن تغرى بردى، جمال الدين ابى المحسن يوسف  تغرى بردى الأتبكى، (ب.س)، النجوم الزاهرة فى ملوك مصر و القاهره، ت:محمد حسين شمس الدين،ب.ط، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن خلكان، لأبى العباس شمس الدين احمد بن محمد بن ابوبكر، (١٩٩٤)، وفيات الاعيان و انباء ابناء الزمان، حققه: احسان عباس، ج٣، ب.ط، دارالصادر، بيروت.

ابن سعد، محمد بن سعد بن منيع الزهرى، (ب.س)، كتاب الطبقات الكبرى، ت: على محمد عمر،ب.ط، مكتبه الخانجي، القاهره.

ابن عبدالبر، ابى عمر يوسف بن عبدالله بن محمد، (١٩٩٢)، الاستيعاب فى معرفه الاصحاب، ت/على محمد البجاوى، ط١، بيروت.

ابن كثير، ابى الفداء الحافظ عمادالدين ابى الفداء اسماعيل ابن عمر بن كثير القريشى الدمشقى ، (٢٠٠٢)، طبقات الشافعية، ت: عبدالحفيظ منصور، ط١، المدار الإسلامي، ليبيا.

ابن كثير، ابى الفداء الحافظ عمادالدين ابى الفداء اسماعيل ابن عمر بن كثير القريشى الدمشقى، (١٩٩٧)، البدايه والنهايه،ت: عبدالله بن عبدالمحسن تركى، ج١١، ط١، دارهجر، ب.م.

أبو عبد الله محمد بن إسماعيل البخاري، ( ١٤٣٧هـ)، كتاب المحاربين من أهل الكفر والردة، باب: للعاهر الحجر، برقم: ٦٨١٨، ٩٣/٦. ينظر: الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله صلى الله عليه وسلم وسننه وأيامه،  اعتنى به: دار الكمال المتحدة، الناشر: عطاءات العلم - الرياض، ط١،

ابى الفداء، عمادالدين اسماعيل، (ب.س)، المختصر فى اخبار البشر(تاريخ ابى الفداء)، ب.ط، مكتبه المتنبى، قاهره، ب.م.

البلاذرى، احمد بن يحيى بن جابر، ١٩٩٦، انساب الاشراف، حققه و قدم: سهيل زكار، رياض زركلى، ج٥، ط١، دار الفكر، بيروت.

تقى الدين ابن قاضى شهبة الدمشقى، لأبى بكر بن أحمد بن محمد بن عمر بن محمد، ١٩٨٧، طبقات الشافعية، ت: الحافظ عبدالعلم خان، ج٢، ط١، لدائرة المعارف العثمانية بحيدر أباد، الهند.

الجاحظ، عمرو بن بحر بن محبوب بن فزارة، ١٩٥٥، كتاب التاج في اخلاق الملوك، دار الفكر، بيروت.

الذهبى، أبو عبد الله  شمس الدين محمد، ب.س، تذكرة الحفاظ، ج٤، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان.

الذهبي، الإمام شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان، ١٩٨٢، سير أعلام النبلاء، أشرف على تحقيق الكتاب وخرج احاديثه: شعيب الأرنؤوط، حقق هذا الجزء: محمد نعيم العرقسوسي و مأموق صاغرجي، ط٢، مؤسسة الرسالة، بيروت.
الصفدى، صلاح الدين خليل بن ايبك،١٩٩١، تحفة ذوي الآلباب،ت: احسان بنت سعيد و زهير حميدان، ب.ط، منشورات وزارة الثقافة،دمشق.
الطبرى، ابى جعفر محمد بن جرير، ب.س، تاريخ الطبرى الامم و الملوك،ب.ط ، دار كتب العلميه، بيروت.
القلقشندى، ابو العباس احمد بن على، ب.س، مأثر الانافه فى معالم الخلافه،ت: عبدالستار احمد فرج، ب.ط، عالم كتب، بيروت.
المسعودى، على الحسين، ١٩٨٨، مروج الذهب معادن الجوهر، اختيار وتعليق، ت/ قاسم وهب، ط١، وزاره الثقافه، دمشق.
المقدسى، للمطهر بن طاهر، ب.س، كتاب البدء و التاريخ ،ب.ط ، مكتبه الثقافيه الدينيه، ب.م.
النويرى، شهاب الدين احمد بن عبدالوهاب، ٢٠٠٤، نهايه الارب فى فنون الادب، ت:على محمد هاشم، ط١، دار كتب العلميه، بيروت.
القرمانى، احمد بن يوسف،( ١٩٩٢)، أخبار الدول و أثار الاول ، ب.ط : فهمى سعد ، احمد حطيط، ط١،بيروت.
اليافعي، أبو محمد بن عبد الله بن أسعد بن علي،( ١٩٩٧)، مرآة الجنان وعبرة اليقظان في معرفة مايعتبر من حوادث الزمان، ج٤، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت.
ياقوت الحموى، شهاب الدين أبو عبدالله ياقوت بن عبدالله الرومي الحموي، (١٩٧٧)، معجم البلدان، ج٢، ط١، دار صادر، بيروت.
اليعقوبى، احمد بن ابى يعقوب بن جعفر بن وهب، (٢٠١٠)، تاريخ اليعقوبى،ت: عبدالامير مهنا، ط١، شركه الاعلمى للمطبوعات، بيروت.

**ب_ ژێدەرەکان**

علايلى، عبدالله، (١٩٩٤)، تاريخ الحسين، ط١، دار الجديد، بيروت.
محمد كرد علي،( ١٩٢٥)، الخطط الشام، ب.ط، دمشق.

**ج_ تێزی دکتۆرا**

أبو هدهود، طارق محمود محمود، (٢٠٠٩)، ابن الأثير ودوره في الكتابة التاريخية، اطروحة الدكتورا (غير منشور)، الجامعة الأردنية.

**د_ گۆڤارەکان**

العبايجى، ميسون ذنون،(٢٠١٤)، ابن الاثير ودوره في الكتابة التاريخية، مجلة قراءات موصلية العدد (٣٥) كانون الثانى.
هانى ابوالرب،( ٢٠١٥)، رجاء بن حيوة الكندي و دوره في الحياة العامة في دولة الاموية، مجلة جامعة القدس المفتوحة اللآبحاث و الدراسات،العدد٣٥، شباط.
اليازجى، محمد ميسر محمد بهاء الدين،( ٢٠٠٨)، ابن الأثير موارده ومهجه في كتابه تاريخ الباهر، مجلة التربية والعلم، المجلد(١٥) العدد(٤).

List of services
A_ SARCHAWAN

Ibn A'tham al-Kufi, by the scholar Abu Muhammad Ahmad, (1991) Kitab al-Futuh, edited by Ali Shiri, 1st edition, Dar al-Adwa', Beirut.

Ibn al-Athir, Abu al-Hasan Ali ibn Muhammad al-Jazari, (n.p.), Usd al-Ghabah fi Ma'rifat al-Sahaba, edited and annotated by Sheikh Ali Muhammad Mu'awwad and Sheikh Adil Ahmad Abd al-Mawjud, vol. 1, Dar al-Kutub al-'Ilmiyya, Beirut.

Ibn al-Athir, Ali ibn Abi al-Karam Muhammad ibn Muhammad ibn Abd al-Karim ibn Abd al-Wahid, known as Ibn al-Athir al-Jarali, (n.p.), Al-Tarikh al-Bahir fi al-Dawla al-Atabakiyya, edited by Abd al-Qadir Ahmad, printed and published by Dar al-Kutub al-Haditha, Cairo, and Maktabat al-Muthanna, Baghdad.

Ibn al-'Adim, Kamal al-Din Abu Qasim Umar ibn Ahmad ibn Hibat Allah, (1996) Zubdat al-Halab min Tarikh Halab, edited by Khalil Mansur, 1st edition, Dar al-Kutub al-'Ilmiyya, Beirut. Ibn al-Imad al-Hanbali, Abd al-Hayy ibn Ahmad ibn Muhammad ibn al-Imad al-Akri al-Dimashqi, (1991), Shadharat al-Dhahab fi Akhbar man Dhahab, vol. 6, 1st ed., edited by Mahmud al-Arna'ut and Abd al-Qadir al-Arna'ut, Dar Ibn Kathir, Damascus-Beirut.

Ibn al-Futi, Kamal al-Din Abd al-Razzaq ibn Taj al-Din, (1962), Talkhis Majma' al-Adab fi Mu'jam al-Alqab, edited by Mustafa Jawad, Ministry of Culture and National Guidance, vol. 4, 1st ed., Damascus.

Ibn Taghribirdi, Jamal al-Din Abi al-Muhsin Yusuf Taghribirdi al-Atbakī, (n.p.), al-Nujum al-Zahira fi Muluk Misr wa al-Qahira, edited by Muhammad Husayn Shams al-Din, n.p., Dar al-Kutub al-'Ilmiyya, Beirut. Ibn Khallikan, by Abu al-Abbas Shams al-Din Ahmad ibn Muhammad ibn Abu Bakr, (1994), Wafayat al-A'yan wa Anba' Abna' al-Zaman, edited by Ihsan Abbas, vol. 3, n.d., Dar al-Sader, Beirut.

Ibn Sa'd, Muhammad ibn Sa'd ibn Mani' al-Zuhri, (n.d.), Kitab al-Tabaqat al-Kubra, edited by Ali Muhammad Umar, n.d., Maktabat al-Khanji, Cairo.

Ibn Abd al-Barr, Abu Umar Yusuf ibn Abdullah ibn Muhammad, (1992), al-Isti'ab fi Ma'rifat al-Ashab, edited by Ali Muhammad al-Bajawi, 1st ed., Beirut. Ibn Kathir, Abu al-Fida' al-Hafiz Imad al-Din Abu al-Fida'

Isma'il ibn 'Umar ibn Kathir al-Qurashi al-Dimashqi, (2002), Tabaqat al-Shafi'iyya, ed. 'Abd al-Hafiz Mansur, 1st ed., Al-Madar al-Islami, Libya.

Ibn Kathir, Abu al-Fida' al-Hafiz Imad al-Din Abu al-Fida' Isma'il ibn 'Umar ibn Kathir al-Qurashi al-Dimashqi, (1997), Al-Bidayah wa al-Nihayah, ed. 'Abd Allah ibn 'Abd al-Muhsin Turki, vol. 11, 1st ed., Dar Hajar, n.p.

Abu 'Abd Allah Muhammad ibn Isma'il al-Bukhari, (1437 AH), Kitab al-Muharibin min Ahl al-Kufr wa al-Riddah, Bab: Lil-'Ahir al-Hajar, no. 6818, 6/93. See: Al-Jami' al-Musnad al-Sahih al-Mukhtasar min Umur Rasul Allah (peace and blessings be upon him), Sunan, and Ayyamih, edited by: Dar al-Kamal al-Muttahida, published by: Ata'at al-'Ilm - Riyadh, 1st edition.

Abi al-Fida', Imad al-Din Isma'il, (n.p.), Al-Mukhtasar fi Akhbar al-Bashar (Tarikh Abi al-Fida'), n.p., Maktabat al-Mutanabbi, Cairo, n.p.

Al-Baladhuri, Ahmad ibn Yahya ibn Jabir, 1996, Ansab al-Ashraf, edited and introduced by: Suhayl Zakkar, Riyad al-Zarkali, vol. 5, 1st edition, Dar al-Fikr, Beirut.

Taqi al-Din Ibn Qadi Shahba al-Dimashqi, by Abu Bakr ibn Ahmad ibn Muhammad ibn Umar ibn Muhammad, 1987, Tabaqat al-Shafi'iyya, edited by: al-Hafiz Abd al-Alam Khan, vol. 2, 1st edition, Da'irat al-Ma'arif al-'Uthmaniyya, Hyderabad, India. Al-Jahiz, Amr ibn Bahr ibn Mahbub ibn Fazarah, 1955, Kitab al-Taj fi Akhlaq al-Muluk (The Book of the Crown on the Ethics of Kings), Dar al-Fikr, Beirut.

Al-Dhahabi, Abu Abdullah Shams al-Din Muhammad, n.d., Tadhkirat al-Huffaz (The Memorizers' Biography), vol. 4, 1st ed., Dar al-Kutub al-Ilmiyyah, Beirut, Lebanon.

Al-Dhahabi, Imam Shams al-Din Muhammad ibn Ahmad ibn Uthman, 1982, Siyar A'lam al-Nubala' (The Lives of Noble Figures), supervised and edited by Shu'ayb al-Arna'ut, this volume edited by Muhammad Na'im al-'Arqsusi and Ma'muq Sagharji, 2nd ed., Mu'assasat al-Risalah, Beirut.

Al-Safadi, Salah al-Din Khalil ibn Aybak, 1991, Tuhfat Dhawi al-Albab (A Gift for the Intelligent), edited by Ihsan bint Sa'id and Zuhayr Humaydan, n.p., Publications of the Ministry of Culture, Damascus.

Al-Tabari, Abu Ja'far Muhammad ibn Jarir, n.d., Tarikh al-Tabari al-Umam wa al-Muluk (The History of al-Tabari: Nations and Kings), n.p., Dar al-Kutub al-Ilmiyyah, Beirut.

Al-Qalqashandi, Abu Al-Abbas Ahmad bin Ali, B.S., Mather al-Anfa fi Ma'im al-Khilafah, edited by: Abdel-Sattar Ahmad Faraj, B.I., scholar of books, Beirut.

Al-Masoudi, Ali Al-Hussein, 1988, Meadows of Gold, Maaden Al-Jawhar, Selection and Commentary, published by Qasim Wahb, 1st edition, Ministry of Culture, Damascus.
Al-Maqdisi, by Al-Mutahhar bin Tahir, B.S., Book of Beginning and History, B.I., Religious Cultural Library, B.M.
Al-Nuwairi, Shihab al-Din Ahmad bin Abdul-Wahhab, 2004, Nihayat al-Arb fi Fanun al-Adab, published by: Ali Muhammad Hashem, 1st edition, Dar Kutub al-Ilmiyya, Beirut.
Al-Qarmani, Ahmed bin Yusuf, (1992), Akhbar al-Dul wa Athar al-Awwal, ed.: Fahmi Saad, Ahmed Hattit, 1st edition, Beirut.
Al-Yafi'i, Abu Muhammad bin Abdullah bin Asaad bin Ali, (1997), The Mirror of Heaven and the Lesson of Al-Yaqzan in Knowing What Are Considered Events of Time, vol. 4, 1st edition, Dar Al-Kutub Al-Ilmiyya, Beirut.
Yaqut al-Hamwi, Shihab al-Din Abu Abdullah Yaqut bin Abdullah al-Rumi al-Hamwi, (1977), Mu'jam al-Buldan, vol. 2, 1st edition, Dar Sader, Beirut.
Al-Yaqoubi, Ahmed bin Abi Yaqoub bin Jaafar bin Wahb, (2010), History of Al-Yaqoubi, published by: Abdul Amir Muhanna, 1st edition, Al-Alami Publications Company, Beirut.
Doctoral thesis
Alaili, Abdullah, (1994), The History of Hussein, 1st edition, Dar Al-Jadeed, Beirut.
Muhammad Kurd Ali, (1925), Al-Khattat Al-Sham, ed., Damascus.
C_ This is a doctorate
Abu Hadhoud, Tariq Mahmoud Mahmoud, (2009), Ibn al-Atheer and his role in historical writing, doctoral thesis (unpublished), University of Jordan.
Magazines
Al-Abayji, Maysoon Thanoun, (2014), Ibn al-Atheer and his role in historical writing, Qira'at Mosuliya Magazine, Issue (35), January.
Hani Abu al-Rub, (2015), Raja ibn Haywa al-Kindi and his role in public life in the Umayyad state, Al-Quds Open University Journal for Research and Studies, Issue 35, February.
Al-Yaziji, Muhammad Maysar Muhammad Baha' al-Din, (2008), Ibn al-Athir: His Sources and Approaches in his book Tarikh al-Bahir, Journal of Education and Science, Volume (15), Issue (4).